## چیا مەدەنی:

# ئەگەر نەتوانین پشتگیری یەکتریش بکەین با رێگری لە یەکتر نەکەین



دیمانە/ شۆخان ئەبوبەکر

■ چیا مەدەنی لەدایکبووی شاری مەهابادە و هەر لەم شارەشدا خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی تەواو کرد. بەناچار لەساڵی ١٩٨٦، شاری مەهابادی بەجێ هێشتووە و هاتۆتە باشووری کوردستان. لەوێ لە بناری قەندیل و لەناو کۆڕی سەربەرزی پێشمەرگەدا، ماوەی چەند ساڵێك ژیاوە و کارە هونەرییەکانی دەست پێکرد. لە ساڵی١٩٩١ەوە بەتەنیا چۆتە وڵاتی سوید. دیسان ژیانێکی نوێ بەڵام ئەمجارە لە دنیایەکی زۆر جیاوازدا کە پڕبوو لە هەلی گرنگ و رەنگاورەنگ و چاك و خراپ، دەستی پێکردەوە. ساڵی یەکەم زۆرتر خەریکی کاری هونەری بووە و لەگەڵ زۆربەی هونەرمەندانی ئەم سەردەمەدا، بەتایبەت میکایل و ئەردەڵان و زەکەریا، چالاکانە خەریکی کاری هونەری بووە. بە ناچار دەستی بەکار کرد و ماوەی٣-٤ ساڵ هەر لە شاری ستۆکهۆڵم لە هۆتێلدا کاری کرد. سالی ٢٠٠٠ دەستی دایەوە خوێندن و هەرلەو شوێنەوە کە کاتی خۆی لەشاری مەهاباد دەستی لێ هەڵگرتبوو، دەستی پێکردەوە و ئەمجارەیان ئیدی تا خوێندنەکەی تەواو نەکرد وازی لێ نەهێنا. لە ساڵی ٢٠٠٧ لەزانستگای ستۆکهۆڵم ماستەری لە زانستی کۆمپیۆتەری وەرگرت.■

***بەرهەمی تازەی هونەریت بەدەستەوەیە؟**

هەرئێستا سەرقاڵی دابەشکردنی سێ بەرهەمی هونەرمەند میکائیل بووم لە سیدییە تازەکەیدا. «تۆش وەکو من»، «رێی باران» و «بەرگی ئاڵ» کە دووانیان ئاوازەکانی هی خۆمن. هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا خەریکی سیدی یەکەمی شوانەی برای میکایلم کە لەوێشدا ٢ گۆرانییان هونەرمەند میکائیل تێیدا بەشدارە. ئەم سیدییەی شوانە لە٧ گۆرانی پێکهاتووە و گشتیان دابەشکردنی خۆمن و ٢ ئاوازیشیان خۆم دامناون. جیا لەمانە یەك بەرهەمی هونەرمەندی بەتوانا جەلال نەقشبەندیم لەبەر دەستدایە و ئاوازێکی نوێشم بۆ هونەرمەندی لاو نیزام مەلازادە و ٢ ئاوازیش بۆ شێرکۆ مەریوانی لەبەردەستدایە کە ئەمانەش لە قۆناغی دابەشکردندان.

بەگشتی گەر من دەرفەتی ئەوەم بۆ برەخسایە کە بمتوانیبایە ساڵی ٢٠ بەرهەمی هونەریی باش پێشکەش بکەم زۆر بەختەوەر دەبووم.

***ئایا لەبەرنامەتاندایە بگەڕێنەوە کوردستان؟**

ئەوەی راستی بێت من زۆربەی ئەو کارانەی کردوومن لەپێناو خزمەت بە نەتەوەکەی خۆم بووە بەقەد دنیایەکیان پێ دڵخۆش و سەربەرزم. بۆیە گەڕانەوەم بۆ کوردستان و درێژەدان بەو خزمەتانە بەئەرکی سەرشانمیان دەزانم. دەتوانم بڵێم پرۆژەی باشم بەدەستەوەیە گەر دەرفەتم بدرێتێ و بەتەنیا نەمێنمەوە، پێم وابێت لەماوەیەکی کورتدا کاری بەهێز بێتە ئاراوە کە خزمەتی کولتوور و فەرهەنگی نەتەوەکەمان بەتایبەت لەبواری ئینتەرنێتدا لەئاستێکی بەرزدا بکات.

***وەك ئاوازدانەر و دابەشکاری موزیك، ئایا موزیکی کوردی مۆرکی خۆی لە دەستداوە وەك هەندێك کەس دەڵێن؟**

-لەزۆر حاڵەتدا بەڵێ وایە. بەتایبەتی کە موزیکی وڵاتێکی عەرەبی یان تورکی و فارسی، کە ئەمانە گشتیان لەسەر تایبەتمەندییەکانی فەرهەنگی وڵاتەکانی خۆیان زۆر چاك گەشەیان کردووە و لەدوورڕا دەناسرێنەوە، لەپڕتاو و بەبێ هیچ دەستتێوەردانێك هەروەك خۆی دەخرێتە پاڵ تێکستێکی کوردی، شتێکی سەیر نییە کە ئاکامی بەرهەمەکە سەرلێشێوانی پێوەدیار بێت و مۆرکی کوردی خۆی لەدەستدابێت. موزیکیش وەکو تێکست لە گۆرانیدا دەبێت تەنانەت لەکاتی پێشکەوتنیشدا رەگ و ریشەی هەر لەناو کۆمەڵگادا داکوتراوبێت و مۆرکی کوردی لێبدرێت

***تێکەڵ کردنی ئاوازی غەیرە کوردی بە گۆرانی کوردی چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- بە بڕوای من ئەگەر ئەم کارە هۆشیارانە و لەهەمان کاتیشدا لەسەر بنەمایەکی زانستی بکرێت پێویستە. ئێمەش وەك هەموو وڵاتانی دیکە، دەبێ لەفکری داهاتووی موزیك و گۆرانیی خۆمان دابین و بۆ نەوەی داهاتوو بەرهەمی شیاو ئامادە بکەین کە لەباری ئاست و کوالیتییەوە نزم نەبن. بەبڕوای من ئێمە کە کاری داهێنان و داڕشتنی بەرهەمە تازەکان دەخەینە ئەستۆ و بەتەمای نوێکاری لە بواری موزیکی کوردیداین، بەر لە هەموو شت پێویستە ئاگاداری رادەی پێگەیشتن و پێشکەوتنی موزیك لە ئاستی جیهاندا بین و هەر چاومان تەنیا ناوچەکانی دەوروبەر نەبینێ و پێمان وابێت دنیا هەرئەوەندەیە. وڵاتی دی زۆرن کە موزیکەکانیان زۆر لە کورد نزیکە و مۆدێرن و پێشکەوتووشە بۆ ئەوەی شتیان لێ فێربین. ئیلهام و هەست و چێژ وەرگرتن لە بەرهەمی هونەرمەندانی سەرکەوتووی جیهان وەختێك کارێکی پیرۆزە کە بەسەلیقە و مۆرالییەتی خۆشمان و بە هەستێکی جوانی کوردانە بەرهەمی نوێی پێ بڕازێنینەوە. ئەم بەرهەمەش بێگومان مەرجە کە پێناسە و تایبەتمەندیی خۆی هەبێت و بەزۆرەملێ خۆ بە ئۆرجیناڵەکەوە هەڵنەواسێت و خۆی پێ ناشیرین بکات. بۆیە من بەفاوڵێکی گەورەی دادەنێم گەر ئێمە هونەرمەندان موزیکی کۆنی وڵاتانی دراوسێ رێك کۆپی بکەین و بەبێ ئەوەی خۆمان پێوەماندوو کردبێت و فکر و هەست و سۆزی خۆمانی تێکەڵاو کردبێت، خۆی لێبکەینە خاوەن و دواتریش دەرخواردی کۆمەڵگای خۆشمانی بدەینەوە. هونەرمەند بەرپرسیارە لە بەرامبەر کارە هونەری‌یەکانی، درەنگ یان زوو هەڵەکان دەخرێنە بەرباس.

لە کۆتاییدا دەڵێم ئەگەر هەرنەشتوانین لە کارەکانماندا پشتگری یەکدی بین، هیوادارم نەبینە رێگریش بۆ کاری یەکدی. زۆر خۆش دەبوو گەر هەوڵەکان وا بان کە بەشێوەیەکی سەردەمیانە و لە فەزایەکی درووستدا، بە دا هێنانی بەرهەمی بەهێز پێشبڕکێ لەگەڵ یەکدیدا کرابا و خۆمان وەپێش یەکتری دابا. مەخابن زۆر جار لە کلتووری ئێمەدا هێشتاش هەر بەرووخاندنی یەکدی کەسایەتییەکان هەست بە پێشکەوتن دەکەن. بەداخەوە ئەم حاڵەتە ناڕەوایە زۆر جار لە بوارە جوراوجۆرەکاندا زۆر بە زەقی بەدی دەکرێت و لە بەرژەوەندیی نەتەوەکەماندا نییە و لەکاروانی پێشکەوتن دوامان دەخات.





# لە رووسیا هەڕەشە لە مادۆنا دەکرێت

مادۆنای ئەستێرەی پۆپی ئەمریکی رووبەرووی سزایەکی ماددی بۆتەوە دوای ئاهەنگێك كە لە شاری سانت بترسبۆرگی رووسی سازیکرد، ئەویش بەهۆی پشتگیری کردنی لە هاوسەرگیریی هاوڕەگەزییەوە بوو.

فیتالی میلۆنۆڤ لە حزبی روسیای یەکگرتووی دەسەڵاتدار لەم بارەیەوە مادۆنای بەوە تاوانبار کرد کە لە ئاهەنگەکەدا بە ئاشکرا داوای ئازاد کردنی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییەی کردووە، هەرچەندە لە روو و گوتی: ئێمە بە ڤیدیۆ بەڵگەمان لەسەر ئەم قسانەی مادۆنا هەیە و پێویستە سزا بدرێت، لەلایەکی دیکەوە چەند چالاکوانێکی بەرگری کردن لە مافی ئاژەڵان لە ویلایەتی پنسلڤانیا نرخی چوار پلیتی ئاهەنگێکی مادۆنایان بۆ سەد هەزار دۆلار بەرز کردەوە و داهاتەکەشی بۆ کۆمەڵە خێرخوازەکەیە، لەم بارەیەوە رێکخراوی (ماین لاین ئەنیمەل ریسکیو) لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند کە ئەم نرخە بەرزترین نرخە تا ئێستا بۆ چوار پلیت تەرخان بکرێت، هەروەها دی سیلڤەرز سەرۆکی رێکخراوی ناوبراو گوتی: مادۆنا هەمیشە نموونەی ئازادی و هێز بووە منیش بیرم لەوە کردۆتەوە کە چۆن ئەو جورئەتە شاردراوە دەربخەم.شایەنی گوتنە بڕیار وایە مادۆنا ئاهەنگەکانی لە ٢٨ی ئەم مانگە لە فیلادلفیا دەست پێبکات.

# گاگا هەمیشە گرفت دەنێتەوە


بەم دواییە گۆرانیبێژی ئەمریکی لەیدی گاگا چەند وێنەیەکی رووتی خۆی کە لە باوەشی تایلەر کینی خۆشەویستەکەیدایە، بڵاوکردەوە، ئەمەش رەخنەیەکی زۆری لەلایەن رەخنەگرانەوە لێکەوتەوە.

جا بۆ ئەوەی ئەم رەخنانە کەم بکاتەوە، گاگا لە سەردانێکیدا بۆ بازاڕ بڕیاری دا بەشێوەیەکی زیاد خۆی داپۆشێت، سەرەڕای ئەوەی وەرزی هاوینە و پلەکانی گەرما زۆر بەرز بوونەتەوە، گاگا جلوبەرگی زستانەی پۆشیبوو، هەروەها جلەکانی رەش بوون.

گاگا بەم هەڵوێستەیشی دیسان دووچاری رەخنەیەکی زۆر بۆوە و زۆر کەس پێیان وابوو بەم شێوەیە گاگا ناتوانێت هەڵەکانی پێشووتری بشارێتەوە تەنانەت هەندێك کەس بە شێتیان دانا.







# بۆچی فیفی عەبدە بە ئەبو ترێکە ناسراوە؟

خانمە سەماکاری میسری فیفی عەبدە ئەوەی ئاشکرا کرد کە بۆچی لەناو جەماوەر بە ئەبو ترێکە ناسراوە و گوتی: ئەم نازناوە دەبێتە هۆی ئەوەی هەست بە خۆشـــی بکەم و هانم دەدا بۆ پێشـــکەش کردنی کاری باشتر. فیفی زیاتر گوتی: من جوانییەکی زیاتر بە درامای میســـری دەبەخشـــم و وای لێدەکەم جەماوەر تامەزرۆ بێت بۆ بینینی، بۆیە جەماوەر ئەم نازناوەیان پێ بەخشـــیوم، چونکە من بە جۆکەری دراما و ئەبوترێکەی بە جۆکەری ناو یاریگا دەزانن. فیفی دەربارەی دابەزاندنی کێشی لەشی گوتی: لە ماوەی پێشوو سەردانێکی وڵاتی لوبنانم کرد بۆ بەشداری کردن لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی، لە بازاڕدا ئافرەتێکم بینی کاوبۆیەکی جێنزی لەبەر بوو لەشی بەو جێنزەوە زۆر جوان بوو، بۆیە لەو کاتەوە بڕیارم دا منیش کێشـــم دابەزێنم بۆ ئەوەی بتوانم وەکو خەڵك هەموو جلێك بپۆشم. دەربارەی نەشتەرگەریی جوانکاریش فیفی ئاماژەی بەوە کرد کە ئەنجامدانی نەشـــتەرگەری لای من ئاســـاییە ئەگەر ئەنجامی بدەم وشـــەرمیش لە کەس ناکەم و بە ئاشـــکرا رایدەگەیەنم، چونکە نەشتەرگەری جوانکاریی مکیاژ کردنە لەلای من.




# کاریگەریی فیلمێک بۆسەر هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا

بۆ ئەوەی کاریگەری نەبێت بەسەر هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و دەنگـــی دەنگدەرانی ئەمریکاوە، بڕیار درا نمایش کردنی فیلمی( زیرۆ دارك ســـێرتی) کە باس لە چۆنیەتی کوشـــتنی ئوســـامە بـــن لادن دەکات، بۆ مانگی کانونـــی یەکەمی داهاتوو دوابخرێت.

بەمـــەش نمایشـــکردنی ئەم فیلمـــە دەکەوێتـــە دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان و یەکلایی بوونەوەی ئەنجامەکان، هەرچەندە وێنە گرتنی فیلمەکەش تەواو بووە، ئەم فیلمە لە ئامادە کردنی نووســـەری ناودار مارك پۆل و دەرهێنانی کاترین ئان بیجلۆی هەڵگری ئۆسکارە و باس لە چیرۆکی ئوســـامە بن لادن و چۆنیەتی خۆشاردنەوەی دەکات، هەروەها زیاتر چۆنییەتی کوشتنی لەسەر دەستی هێزێکی تایبەتی ئەمریکاییەوە روون دەکاتەوە.

# باردۆ کوشتنی ٤٠ فیل مەحکوم دەکات

خانمە ئەکتەری پێشـــووی فەرەنسی بریجێت باردۆ کە چالاکوانێکی بەرچـــاوی بواری بەرگـــری کردنە لە ئـــاژەڵان، نامەیەکی ناڕەزایی توندی ئاراستەی سەرۆکی وڵاتی چاد کرد و تێیدا ئیدانەی کوشتنی ٤٠ فیلی کرد بۆ سوود وەرگرتن لە عاجەکانی.

ئـــەم نامەیەی باردۆ دوای ئەوە هات کـــە رێکخراوێکی نێودەوڵەتی ئاشـــکرای کرد کە راوچییەکان لە رۆژێکدا ٤٠ فیلیان کوشتوە، باردۆ لە نامەکەیدا ئەم کارەی بە (جەنگێکی راســـتەقینە) وەسف کرد، دواتر سوپاسی ئیدریس دیبیی ســـەرۆکی ئەو وڵاتە کرد، چونکە فەرمانی کردووە کە هێزە چەکدارەکانی وڵاتەکەی ئەم کێشەیە چارەسەر بکەن و رووبەڕووی راوچییە ناشـــەرعیەکان ببنەوە، لە هەمان کاتدا رایگەیاند ئەم کارە پێویستی بە هەوڵی هەموو لایەکە بۆ رێگە گرتن لە کوشتنی فیل، چونکە بووەتە دیاردەیەکی بەربڵاو لەو وڵاتەدا بۆ سوود وەرگرتن لە عاجەکانیان کە بۆ چەند مەبەستی جیاجیا بەکاردەهێنرێن و بە نرخێکی زۆریش دەفرۆشرێن.



# دهۆک فیستیڤاڵی سینەما لەخۆ دەگرێت

## * چەندین فیلمی تیادا نمایش دەکرێت
## * دەیان ئەستێرەی جیهانی بەشدار دەبن

ئا/خەلیل بلەیی

**■ بڕیار وایە لە ڕۆژانی ٩-٩/١٦/ ٢٠١٢ یەکەم فیستیڤاڵی سینەمایی لە شاری دهۆك بە بەشداری چەندین وڵات لە ئەمریکا و ئاسیا و ئەفریقا و ئەوروپا ئەنجام بدرێت، سەرباری ژمارەیەك فیلمی کوردی، بۆ ئەم مەبەستە بەڕێز عادل حەسەن سەرۆکی لیژنەی ئامادەکاریی فیستیڤاڵ بەم شێوەیە بۆ گوڵان هاتە ئاخافتن. ■**




*** دەتوانین بڵێین فیستیڤاڵی دهۆك بە فەرمی بووەتە فیستیڤاڵێکی ساڵانە؟**

- هەوڵێکی زۆر لە ئارادایە و حەزیش هەیە، هەروەها کاریش بۆ ئەوە کراوە کە بەشێوەیەکی فەرمی ببێتە فیستیڤاڵێکی ساڵانە، بەڵام تا ئێستا ناتوانم بڵێم ئەو بڕیارە دراوە.

*** ئەی خۆ ئامادەکردنی ئێوە وەك لیژنەی باڵای فیستیڤاڵ بە کوێ گەیشتووە؟**

- خۆ ئامادە کردنی ئێمە بۆ سازکردنی ئەم فیستیڤاڵە بەرەو کۆتایی دەچێت، نووسینگەکانمان لە ئەوروپا، ئێران، تورکیا، بەغدا کارەکانی خۆیان بە کۆتا هێناوە و فیلمەکان وەرگیراون و هەموویان ڕەوانەی دهۆك کراون، ئێستا ئێمە سەرقاڵی ئامادە کردنی لیستی میوانەکانین، بەشێوەیەکی گشتی کارەکانمان زۆر بە باشی بەڕێوەچوون و ئامادەیی تەواومان کردووە بۆ دەستپێکردنی فیستیڤالەکە.









***سەبارەت بە سپۆنسەرانی فیستیڤاڵ تا ئێستا چەند سپۆنسەرتان هەیە بۆ ئەوەی فیستیڤاڵەکە لە ئەستۆ بگرن؟**

- ئەوەی راستی بێت ئەم مەسەلەیە زۆر باسی لێوە کراوە، مەبەستی سەرەکیمان لە باس کردنی سپۆنسەر ئەوەیە کە کلتووری سپۆنسەری درووست بکەین بۆ ئەوەی سەرمایەدارانمان بەشداری بکەن لەو کاروچالاکییە ئەدەبی و هونەریانەی لە شاری دهۆك ئەنجام دەدرێن، چونکە دەرەنجامی کۆتایی ئەم جۆرە چالاکییانە و سوودەکانی بۆ هەموومانە.

بۆیە پێویستە ئەم سوودە ماددی یان مەعنەوی بێت، هەر بەم بۆنەیەوە و لە رێگای گۆڤاری گوڵانەوە سوپاسی ئەو لایەنانە دەکەم کە تا ئێستا بوون بە سپۆنسەری فیستیڤاڵەکە ئەوانیش بریتین لە: گرووپی صەباح مەلحەم، میوانخانەی ژیانی، کۆمپانیای ئاوی لایف، کۆمپانیای تۆڤی، یەکێتیی بەڵێندەران، ژووری بازرگانی، هەروەها دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە پارێزگای دهۆك و ئەنجومەنی پارێزگا پشتیوانی بەهێزی ئێمە بوون، سەرەڕای میدیا پارتنەر کە گەورەترین دەزگاکانی راگەیاندنی هەرێم تێیدا بەشدارن.

هیوادارم کە کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت زیاتر و زیاتر پشتیوانی و پاڵپشتی کار و بزاڤی کەلتووری و ئەدەبی و هونەری بکەن، چونکە بە راستی ئەم بوارە واتە بواری رۆشنبیری بەشێوەیەکی گشتی زۆر گرنگە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی.

***تائێستا چەند فیلم بۆ فیستیڤاڵەکە هاتووە و لە چەند وڵات هاتوون و چ جۆرە فیلمێکن؟**

- ٨٩ فیلم وەرگیراوە لەنێوان فیلمی درێژ و کورت و دیکیۆمنتارین لەمانەش فیلمی ئیتاڵی کە ژمارەیان ١٣ فیلمە و بە هەماهەنگی لەگەڵ فیستیڤاڵی رۆما RIFF ئەم فیلمانە وەرگیراون، هەروەها ٢٠ فیلم لە وڵاتەکانی ئەمریکا، ئەوروپا، ئاسیا، ئەفریقیا لەم فیستیڤاڵە نێودەوڵەتییەدا بەشدارن.

*** سەبارەت بە لیژنەی ناوبژیوانان لە کێ پێکهاتووە وچۆن دیاریکراون؟**

-لیژنەی باڵا لە پێنج هونەرمەند پێکهاتووە کە چوار لەم هونەرمەندانە بیانین و تەنیا یەك ئەندامی کوردە، لەنێو ئەندامانی ئەم لیژنەیەدا هونەرمەندی جیهانی هەن کە حەز ناکەم لێرە ناویان ئاشکرا بکەم، بەڵام تەنیا یەك ناو ئاشکرا دەکەم ئەویش (Brigitta Manthey )ە کە کارەکەی بریتییە لە (Referentin Filmförderung) و یەکێکە لە بڕیار بە دەستەکانی پشتیوانی کردن لە فیلمی ئەڵمانی.

***ئەی خەڵاتەکان لە چەند بواردان،ئایا پێشبڕکێ هەموو فیلمە بەشداربووەکان دەگرێتەوە؟**

- سەبارەت بە خەڵاتەکان پێشبڕکێ تەنیا بۆ فیلمە کوردییەکانە و بەشێوەیەکی گشتی بۆ باشترین فیلمی درێژ،باشترین فیلمی دیکیومنتاری، باشترین فیلمی کورت هەروەها دووەم و سێیەمیش خەڵاتیان هەیە، بەشێوەیەکی گشتی پێنج خەڵات هەیە.

***بیستوومانە کە چەند ئەستێرەیەکی ناوداری سینەمایی جیهانی بەشداری لە فیستیڤاڵەکەدا دەکەن، دەکرێ بزانین ئەم ئەستێرانە کێن و لە چ ئاستێکدان؟**

- ژمارەیەك هونەرمەندی ناوداری جیهانی بەشدارن، بەڵام من نامەوێ باسیان بکەم و ناویان بهێنم و ئەمە وەك سوپرایزێك دەبێ بۆ کاتی خۆی.

*** فیلمە بەشداربووەکان تائێستا لە فیستیڤاڵی دیکە بەشدارییان کردووە یان یەکەم جارە نمایش دەکرێن؟**

-هەڵبەت فیلمی جیهانی لە بەرنامەی ئێمەدا هەیە کە لە فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیدا بەشدارییان کردووە و ناوبانگێکی زۆریان هەیە لەسەر ئاستی جیهانی هەبووە و لە زۆربەی وڵاتان نمایش کراوە، بێگومان ئەم فیلمانە فیستیڤاڵەکە دەوڵەمەندتر دەکەن بۆ ئێمەش شانازییە کە ئەم فیلمانە لە فیستیڤاڵی دهۆك نمایش بکرێن، بۆ نموونە یەکێك لە فیلمە جیهانییەکان فیلمی (A Separation)ی دەرهێنەری Asghar Faradi کە یەکێکە لە دەرهێنەرە ناودارەکان لەسەر ئاستی جیهان.

*** ئەمە سەبارەت بە فیلمە بیانییەکان، ئەی سەبارەت بە فیلمە کوردییەکان، چەند فیلمی کوردی بەشدارن؟**

- فیلمە کوردییە بەشدارەکان ٤٨ فیلمن لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان.

***پێشبینی دەکرێت فیستیڤاڵی دهۆك لە ئاستی چ فیستیڤاڵە جیهانییەکاندا بێت؟**

- من وەك لیژنەی فیستیڤاڵ نامەوێ ئەم هەڵسەنگاندنە بکەم و ئەم ئەرکە بە چاودێرو پسپۆرانی ئەو بوارە دەسپێرم، بەڵام ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ فیستیڤاڵە جیهانییەکاندا، دەبێ ئەوەمان لەبەر چاو بێت کە ژمارەیەك لە فیستیڤاڵە جیهانییەکان تەمەنیان زیاتر لە ٦٠ ساڵ دەبێت و بودجەیەکی خەیاڵییان بۆ تەرخان دەکرێت، تەنیا دەتوانم ئەوە بڵێم کە دەرەنجامەکانی فیستیڤاڵی پارمان بە هەموو پێوەرەکان و بە شاهیدی ئەو خەڵکە بیانییەی کە بەشدار بوون و پسپۆڕی سینەما بوون، فیستیڤاڵێکی سەرکەوتوو بوو، من لەو باوەڕەدام بەپێی ئەو ئامادەکاریانەی تا ئێستا کراون فیستیڤاڵی ئەم ساڵ زۆر لە هی پار سەرکەوتووتر و لە ئاستێکی بەرزتردا دەبێت.

لە کۆتاییدا وەك لیژنەی ئامادەکاری فیستیڤاڵ دەڵێم سەرکەوتنی هەر فیستیڤاڵێکی سینەمایی تەنیا لە ئامادەکاری و بەرنامەی فیستیڤاڵدا نییە، چونکە ئەمە کراوە، بەڵام فاکتەری هەرە گرنگی سەرکەوتن خودی بینەرە، هیوادارم لە هەموو لایەکەوە هەوڵ بدەین کە بینەرێکی زۆر ئامادەی فیستیڤاڵەکە بێت بۆ ئەوەی سەرکەوتنی تەواو بەدەست بهێنێت.

